ئەحمەد میرە



# دوو سەعات کارەبا، وەزیری بۆچییە؟!

**"گومانی تێدانییە ئەوانەی لە ژیانی فیکریو سیاسی ئێمەدا هێزە تەشریعیو تەنفیزییەکانیان لەبندەستدایە بە تازەگەری نامۆن، توێژێکی کۆمەڵایەتین بیرۆکەی نوێکردنەوەو تازەکردنەوەی کۆمەڵگا نەبۆتە ئامانجی سەرەکییان"**

**بەختیار عەلی**

●حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێکی زۆری بەفیڕۆداو نەیتوانی گرفتە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ژیانی ئاسایی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی چارەسەربکاتو نەیتوانیوە رابردووی پڕکێشەو نەهامەتییەکان لەم وڵاتەدا تێپەڕێنێتو ئەجێندایەکی نەبووە بۆ ئەوەی کە تاکی کورد کامەرانو بەختیار بکات. بیری نەکردۆتەوە لە دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئەو هاوڵاتییە داماوانەی فەرامانڕەواییاندەکاتو ئەوەشی نەزانیوە هەمیشە خۆشگوزەرانی واتە دروستکردنی ژیانێکی بەختەوەرو ژیانی بەختەوەریش واتە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووو دامەزراوو لەسەر پێ وەستاو.

حکومەت بەناوی فەراهەمهێنانی کەشێکی ئارام لە رووی ئاسایشەوە لە بیری ئەوەدا نەبووە پەرە بەژیانی خەڵکی رەشوڕووت بداتو خەمی ئایندەی ژیانی هاوڵاتیانی بێتو ئەوەی لەبیرکردووە لەدوای ئاسایش گەشەپێدانی لایەنی خۆشگوزەرانی خەڵکی ئەرکی هەرەقورسو گرانی حکومەتە..

حکومەتی هەرێم ئەوەی لە ماوەی رابردوودا لەم بوارەدا کردوویەتی تەنها بریتیبووە لە دابینکردنی باشترین ژیانی پڕ کامەرانی بۆ توێژی لێپرسراوانی حکومەتو حزبەکانی ناو حکومەت، بێئەوەی بزانێت کە هەموو هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتە مافی ئەوەی هەیە کە چێژ لە ژیان وەربگرێت.

لەناو ئەو هەموو بێباکییەی حکومەت بەرامبەر بە خۆشگوزەرانییەکانی خەڵکی، بێکارەبایی نموونەی هەرەباڵای ئەو بێحورمەتییەیە کە حکومەت بەرامبەر بە خەڵکی دەکات. بێکارەبایی ئاماژەیە بۆ ئەو کەلێنە گەورانەی کە لە بیرکردنەوەی حکومەتو ئەجێندای حکومەتدا هەن، بێکارەبایی لەم وڵاتەدا کە ماوەی شانزە ساڵە دوو کۆمپانیای حزبی گەورە بەڕێوەیدەبەن، ئەوەمان پێدەڵێت کە نابێت تا ئایندەیەکی دوور دوور لەبیری دۆخێکی تازەدابین کە مرۆڤ بایەخو رێزی بۆ بگەڕێتەوە، بێکارەبایی ئەوە دەکاتە واقیع کە خەڵکیو حکومەت پێکەوە زۆر ناکۆکنو ماوەیەکی زۆری دەوێت تا ئاشت ببنەوە، بێکارەبایی بەرەو نارێکیو شێواوییەکی زۆر گەورەمان دەبات، توانای بیرکردنەوەمان رووەو ئایندە دادەخات. تەنانەت بێکارەبایی دیمەنە جوانەکانی سروشتی کوردستان دەشارێتەوەو دەیکاتە دۆزەخێك کە تاکە سزا تیایدا بریتییە لە ژیان لە تاریکیدا، چونکە هێزە حوکمڕانەکان ئەوەندە لەگەڵ ژیانی تاریکییدا راهاتوون، خۆشییان لە رووناکیو کارەباو ئەلەکتریك نایەت. گرفتی سەرەکی بێکارەبایی تەنها ئەوەندە نییە کە ئێمە شەومان بەتاریکی دەبەینەسەرو بەڕۆژیش ئامێرە کارەباییەکانمان دەکوژێنینەوە، بەڵکو گرفتە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە بێکارەبایی مرۆڤی مریشکی دروستدەکات، بەوەی کە هەر ئێوارەی لێهات دەچێتە خەوێکی قووڵەوەو بەڕۆژیش خەریکی راڤەکردنی خەوەکانی شەوی دەبێت. سەرەڕای ئەو گرفتە زۆرانەی کە بێکارەبابی دروستیاندەکات، کەچی تائێستا نەبووەتە جێی بایەخی حکومەت، پرۆژەکانی ئەم بوارە هێندە لەڕو لاوازو کەمقوەتن کە هەرگیز جێگای ئومێدی خەڵکی نین.

ئەگەر وەزعی بێکارەبایی بەوجۆرە بێت، نازانم حکومەت وەزیری کارەبای بۆچییە؟! رەنگە تاکە هۆی دانانی وەزیری کارەبا بۆ ئەوە بێت کە پۆستە وزارییەکانی ناو باڵەکانی حکومەت بەیەکسانی دابەشببێتو باڵێکیان وەزیرێکی کەمتری بەرنەکەوێت. وەك پێشتر ئاماژەمپێکرد نە حکومەتو نە وەزارەتی کارەبا ئەجێندایەکی دیاریکراویان نییەو سەیرترین شت ئەوەیە کە ناعەدالەتییەکی زۆر هەیە لە دابەشکردنی کارەبا لەناو شارەکاندا، بۆ نموونە حکومەت دەتوانێت بڕێکی زۆر پارە بدات بۆ دابینکردنی کارەبای شاری دهۆك کەچی لە بەرامبەردا هیچ پرۆژەیەکی تری نییە بۆ چاککردنی کارەبای شارەکانی تری کوردستان، تەنانەت گرێبەستی حکومەت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن، تەندروست نییەو هێندێك لەم کۆمپانیایانە شارەزاییان لەم بوارەدا نییەو هێندێکی تریان گرەنتی راستگۆییان نییەو هەندێکی تریان مامەڵەیەکی بازرگانی لەگەڵ حکومەت ناکەن، بەڵکو مامەڵەیەکی سیاسیی لەگەڵدا دەکەن، کوردستان وەك وڵاتێکی زۆر دواکەوتوو دەبینن، لە هاوڵاتیانیشی بەسوك دەڕوانن.

کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئێمە ئێستا لە ناوەڕاستی دۆزەخدا دەژین *"دۆزەخ شتێك نییە لە پاشەڕۆژدا بێتە سەرڕێمان، ئێستاکێ دۆزەخێکمان هەیە کە لێرەیەو ئێمە لەنێویداین، دۆزەخێکە رۆژانە تێیدا دەژینو بەرێگەی پێکەوەبوون دروستمانکردووە، دوو جۆر کەس بەدەست ئەم دۆزەخەوە نانالێنن، جۆرێکیان دۆزەخ قبوڵدەکەنو دەبنە بەشێك لێی، ئیدی ئاسان لەگەڵیدا هەڵدەکەن، چونکە چیدی وەك دۆزەخ نایبیننو نایناسنەوە، جۆرێکی دی بوێرنو بەردەوام ئاگادارو هۆشمەندن دەگەڕێن بۆ ئەوەی بزانن چ شتێك لەناو ئەم دۆزەخەدا سەر بە دۆزەخ نییە تا رێگەی بۆ بکەنەوەو لەسەر پێی رایگرنو فەزای بۆ برەخسێنن".

*ئیتالیۆ کالڤینۆ